2005-11-01

**پارتی لیبرالی کوردستان**

# به ڕێزان ئەندامانی پارتی لیبرالی کوردستان

بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی پارتی لیبرالی کوردستانەوە، پیرۆزبایی لە ئێوەی خۆشەویست و گشت هاوڵاتیانی کوردستان دەکەم. هیوادارم هەموو ساڵێک بەخۆشی و سەرفرازیی یادی پ ل ک بکرێتەوە.

لە دیدی منەوە، گومان لەوەدا نییە کە پەیدابوونی پارتێکی لیبرال لە کوردستان، وەک چۆن ڕووداوێکی بێهاوتابوو لە مێژووی سیاسی میللەتی کوردستاندا هەروەهاش بەڵگەی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیی گرنگ بوو. بۆیە ئومێدەوارم کە هەموو لایەکمان لە ئاستی پێداویستی قۆناغەکە و چاوەڕوانیەکانی مرۆڤی کوردستانیدابین.

هیوادارم سەردەمی ئێوەی لیبرال، سەردەمی بەهێزکردنی کەسایەتی مرۆڤی کوردستانی و دابینکردنی مافەکانی تاک و گەشەپێدانی پرۆسەی بەدیموکراسیکردنی کوردستان و بەهێزکردنی ڕۆڵی دەوڵەتی علمانی و یاسا بێت. هیوادارم سەرهەڵدانی ئیوە، بەخشندەی جۆرە خەبات و کولتورێکی سیاسی نوێ بێت بە کۆمەڵگەی کوردستان. هیوادارم هاتنی ئێوە، کوردستان و میللەتەکەی بکات بە بەشێک لە ئەمڕۆ و داهاتوو و لەهەناسەبڕکێی ڕاکردن بە دوای مێژوودا ڕزگاریکات. هیوادارم هاتنی ئێوە ببێتە مایەی بەرزکردنەوەی ئاڵای ڕێنیسانسی کوردستانی. هیوادارم لەم کۆمەڵگە جوتیاریە، کۆمەڵسالاریەی ئەمڕۆماندا، ببنە مایەی، ڕێزگرتن لە مافەکانی تاک و تیگەیشتنی تاکسالاریی، ببنە مایەی ڕێزگرتن لە ئازادیی و هاوسانی. ببنە مایەی بەهێزکردنی ڕۆلی تەکنۆکراتی کوردستانی. هیوادارم بەهاتنی ئێوەی ریفۆرمیست، کوردستانێک بێتەکاوە کە تیایادا هەمیشە ئازادیی و هۆشمەندیی و پلوراليزم و دڵفراوانیی و دادگوزاریی پایەمان بێت.

لە کۆتایدا، خۆشەویستانم، ئەمن لە گۆڕیشدا شانازی بەوەوە دەکەم کە هاوڕێی ئێوەی سەرقافڵە بووم. ئێوەی کە لە زندانی گوتارەوە، بوێرانە و لەخۆبووردانە، لە پێناو ئازادیی مرۆڤ و خاک، ڕووتان لە چەمەنزاری کردارکرد. ئێوە پێغەمبەرن و ئەمن مورید.

دووبارە، پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز و میللەتی کوردستانمان دەکەینەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا
گووتەبێژی سەرەکیی پارتی لیبرالی کوردستان
ئەنداز حەوێزی

The Liberal Party of Kurdistan
http://www.lpok.org/
liberalparty@lpok.org